www.kurdistannet.org
25-9-2006 8:32 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**نوسینگەی ئەختەر خان بۆ فێربوونی شۆفێری یان نوسینگەی سوکایەتی کردن بەژنان ... ئامادەکردنی: ڕێژین ئیبراهیم**

## نوسینگەی ئەختەر خان بۆ فێربوونی شۆفێری یان نوسینگەی سوکایەتی کردن بەژنان

تریفە حەمكوڵ:"ئەختەر خان پێی ووتم ئەگەر بەنزینم بۆ نەهێنی ئەوا من فێری شۆفیریت ناكەم "
شەهلا جەلال"من یەك شت بە ئەختەر دەڵێم پێی دەڵێم ئەختەر خوات بێت "
ساكار " تائەوكاتە سوكانم نەگرتوو كەچی ئەختەر خان پێی ووتم دەبێت بچیت خۆت فێری شۆفێری بكەیت ئینجا وەرەلای من "

ئا: ڕێژین ئیبراهیم
rezen@maktoob. com

لەماوەی ئەم ساڵی رابردووە دا چەندین نوسینگەی فێربوونی شۆفێری لە سلێمانی كرایەوە، زۆرێك لەهاوڵاتیان سەردانی ئەو نوسینگانەیان كرد بۆ فێربوونی شۆفیری و مۆڵت وەرگرتن، لە لەمانگی 2005/10 بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی بریاریدا كەدەبێت هاوڵاتیان لەنوسینگەكانەوە مۆڵەتی شۆفێری وەربگرن، هەندێكیش لەو نوسینگانە مامەڵەیان لەگەڵ فێرخوازاندا باش ن یە بەشێوەیەكی زۆر ناشرین مامەڵەدەكەن، لەنێوان ئەو نوسینگانەی شاری سلێمانیدا چەند نوسینگەیەكی كەم هەیە كە زۆربەی ژن بیبات بەرێوە، یاخود ئەوكەسانەی كە وانەدەڵێنەوە یاخود فێرخواز فێری شۆفێری دەكەن كچ یان ژن بێت، بۆیە كەئەگەر نوسینگەیەكیش تایبەت بكرێتەوە بەژنان یاخود نوسینگەیەك بە زۆری ژن رووی تێبكات بۆ فێربوونی شۆفێری، ژنانیش هەوڵدەدەن بچنە ئەو نوسینگەیەی كە ژن دەیبات بەرێوە، لەناو ئەو نوسینگانەی شاری سلێمانی نوسینگەیەك هەیە بەناوی نوسینگەی ئەختەر خان كە زۆربەی ژن دەیبات بەڕێوە، بۆیە زۆرێك لەژنان و كچان ڕۆژانە سەردانی ئەو نوسینگەیە دەكەن بەمەبەستی خۆ ناونوس كردنیان، چونكە لەكۆمەڵگای ئێمەدا واباوە ئەگەر كەسێك پیاو بوون تارادەیەك ناتوانن بچنە ئەو نوسینگەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیخەمە روو ئەوەیە كە ئەو نوسینگەیەی كە تایبەت بۆ ژن دنراوە كەچی خۆشی ژنەو ژنیش زۆر دەچەوسێنێتەوە، ماڵەڵەی زۆر خراپە لەگەڵ فێر خوازاندا دەكات، هەر بۆ و بۆنەیەوە چەند كەسێك تائێستا سكاڵای لە و نوسینگەیە تۆمار كردووە بۆ ەوەی نوسینگەكەی بۆ بگۆرن، تریفە حمكوڵ كە پیشەی ئەندازیاری بو و ئەو ماوەیەكی زۆرەلە نوسینگەیە ناوی هاتۆتەوەو یەكێكە لەو كەسانەی كە گەشبین بوە بەو نوسینگەیەی كە ژن هەڵسوكەوتی تیا دەكەن بەووتەی خۆی ئەو یەكەم جار زۆر مەبەستی بووە كە بیباتە ئەو نوسینگەیە ئەوەبوو ئێستا پەشیمانەو هەوڵدەدات ئەو نوسینگەیە بگۆرێت، هەروەها تریفە لەدرێژەی قسەكانیدا ووت "ئەختەر خان پێی وتی ئەگەر بەنزینم بۆ نەهێنی من ناتوانم فێری شۆفێریت بكە وای لێتووخەریكی دەرهینان مۆڵەت شۆفێریە تریفە لەكۆتای مانگی 10 ی 2005 دەستی بە كا كردووە لەو رۆژەوەنوسینگەكە هەر دەستی بەدەستی پێدەكات، هەر رۆژەو قسەیەك دەكات، هەروەهاتریفە پێی راگەیاندین لەبەرئەوەی من پیشەكەم وایەو پێویستم بەسەیارە هەیە و ئەوكاتەش پیویستم بەسەیارە دەبێت بۆ هاتوو چۆكردنمن، لەدرێژەی قسەكانیدا وتی ئە ژنە یەكەمجار كە فیرر خوازێكان دەچنە لای ئەو نوسینگە یە دەڵێت " ئەم نوسینگەیە دەبێت هەومم شت قبوڵ بكەیت لێدانی تیایە كوی راكێشانی تیایە جنێودانی تیایە دەبێت قبووڵی بكەیت" لەكۆتای قسەكانیدا تریفە ئەوەی روون كردەوە كە ئێستا ئەو سكاڵایەكی لەسەر ئەو نوسینگەیە تۆماركردوەو بەنیازە بچێت نوسینگەیەكی تر تاكو مۆڵەتی شۆفێری وەربگرێت، لە درێژەی ەو بەدوادادچوونە مەیدانیەی كە رۆژنامەی هەواڵ ەنجامی دا قسەو بۆچوونی جیاوازمان لەسەرجەم تەرەفەمان وەرگرت و تاكو بزانین بەهەمان شێوە نوسینگەكانی تریش

هەمان كێشەی تیایە، بەڵام ئەوەی كە دەستی ئێمە كەوت دیار بوهەر ئەو نوسینگەیە بوو زۆرترین كێشەی گرتبووە خۆی بەهۆی ئەو ژنەوە، ساكار كامیل كە خوێندكاری زانكۆی سلێمانیە، لە2005/10/27 دەستی كردووە بە ئیش كاری مۆڵەتی شۆفێریەوە ئەو دەڵێت من كە فەحێی چاوم كرد دواتر ووتیان كام نوسینگەیەت پێباشە بۆخۆت هەڵبیبژێرە بەڵام من نەمزانی ووتم مادەم ئەم نوسینگەیە ژنە با لەم نوسینگە یە دەوام بكەم وو مۆڵەت ووەگرم، ساكار ووتی " نوسنگەی ئەختەر خان من پێم باش بوو چونكە ووتم ئەوكەسەر سەرپەرشتی دەكات ژنە رنگە باشتربێت تەعامولی لەگەڵ كەسێكی تر بەڵام پێچەوانەدەرچوو" مامەڵەی زۆر خراپە لەگەڵ ئەو كەسانە یاخود ئەو فێرخوازانەی كە دەچنە ئەو نوسینگەیە بۆ فێربوونی شۆفێری، ساكار ئەوەی روون كردەوە كە من تا ئەو كاتە سوكانی سەیارەم نەگرتبوو، كەچی كەچووم بۆ ئەو نوسینگەیە كاتێك نەزەریم تەواو كردوو خۆم ئامادەكرد بۆ عەمەلی كەچیئەختەر خان پێی ووتم " دەبێت بچیت خۆت فێری سایەقی بكەیت ئینجا وەرەوە لەلای من تەرای بدە من تاقەت ئەم سەریەشەیەم نیە "ئینجا ئەو رۆژە یەكەم رۆژم بوو " نەمزانی یەك هەڵەی زۆر بەسیتم كرد ئەوەندەی قیژان بەسەرمدا ەوەی لەبیریشم بوو لەبیرم چۆوە ئەوەندەی هاوار كرد بەسەرمدا "ئەوكاتەی هاوار كرد بەسەرمدا ووتی دەبێت بچیت خۆت فێری سایەقی بكەیت ئینجاوەرە بۆلای من منیش پیم ووت "من هاتووم بۆئەوەی لەلای تۆ فێری بم بۆئەوە ئەو پارەیەت دەدەمی كە فێری سایەقیم بكەیت "ئەو كاتەش زۆر تورە بوو بەسەرمدا، بەهەمان شێوە ئێستا ساكار كامیل سكاڵای تۆمار كردووە بەنیازە نوسینگەكە بگۆرێت بچێت نوسینگەیەكی تر، شەهلا جلال كە پیشەی مامۆستایە وئەویش بەهەمان شیچوە لەمانگی 2005/7 كوراسەی وەرگرتوەو لە 2006/1/17 فۆرمەكەی لەلاینوسینگەی ئەختەر خان داناوە ئەمیش بەهەمان شێوە وای زانیوە ئەم نوسینگەیە لەخزمەتی ژناندایەو دەتوانێت رێز لەژنان بگرێت تائێستا نزیكەی 10 مانگ دەبێت شەهلا جلال هیچ وەڵامێكی لەو نوسینگە یە وەرنەگرتووە وەكو باسی دەكات چەندین جار تەلەفۆنی بۆ نوسینگەكە كردوەكەچی وەڵامیان نەداوەتەوە لەبەر ئەوەی ژمارەكەی دەزانن و نایانەوێت ولەڵامَی بدەنەوە، شەهلا دەڵێت "من چەند جارێك سەردانی نوسینگەكەم كردووە هەر داخراوە و هەندێك جاریش كراوەتەوە منداڵێكی تەمەن 10ساڵی لێبووە، شەهلا جەلال زۆر بێزاربەوە لەوەی كە زۆر دەمێكە چاوەروانی ئەو ناوانەدەكەن كەچی هەر ناویان نایەتەوە و هێشتا باجیشیان بۆ نەكراوە شەهلا دەڵێیت من سەرم لەوە دەسورمێت ئەم خێزانە كە دەیبەن بەرێوە خۆیوو كورەكەیو دوو كچەكەی بەڵام هەردەچیت بۆ نوسینگەكە داخراوە، هەندێك جار كەدەچمە ئەوێش " ئەختەر خان خۆی نازانم خوێندەواری نیە یان چی ئەو رۆژە چوومە لای ووتم ناوەكەم هاتۆتەوە ووتی ئەوە ناوەكانە وەرە سەیریبكە بزانە ناوتی تیایە من وای بۆدەچم كە خوێندەواری نەبێت " لەم بەینەدا زۆر بێزار بووم ناچار خۆم چوومە بەرێوە بەرایەتی مۆڵەت بەشی باجەكان تاكو بزان ئاخۆ بۆكاری من لەونوسینگەیە نارەوات بۆیە بۆم دەركەوت كە ئەختەر خۆی فایلەكەی نەناردووە درۆ لەگەڵ من دەكات، هروەها من بەچاوی خۆ مبنیم چەند ژنێكی ترم بینی ئەوانیش هەمان كێشەی منیانهەبوو هەر لەهەمان نوسینگە، بەڵام من هەندێك جیاوازیم بەدی كرد كە هەندێك ناوی لێبوولە دوای مندا ناویان نوسیبوو كەچی ئەوان فایلەكانیان رۆشتبوو باجیشیان بۆ كراوە ئیتر نازانم خزمو كەسو كاری خۆی بوو یان واستەی هەبووە ئەو كەسە، بۆیە شەهلا جەلال داوادەكات كە" ئەونوسینگنەی هاوشێوەی ئەم نوسینگە یەی ئەختەر خانن پێویستە سزا بدرێنو یاسا لێپرسینەوەیان لەگەڵ بكات چونكە ئەمانە ئەورێنمایەی كە لەبەرێوەبەرایەتی هاتووچۆوە دانراوە پێشێلی دەكەن "، لەپاشاندا بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئەختەر خان خاوەنی نوسینگەبكەین زۆر هەوڵمدا بیبینم بەڵام شەشە دانەجار چوومە نویسنگەكە ئەوشەش جارە كەسی لینەبوو تەنانەت من كەسێكم نەبینی لەوشوێنەشدا بێت بۆیە نەوتوانی قسەی لەگەڵ بەكەم،

دوابەدوای ئەمانەش سەردانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی بەشی بەدواداچوونی نوسینگەکانلەوی چاومان بە (ملازم اول. شیلان عوسمان مجید) کەوتوو چەند پرسیارێکمان سەبارت بەو کێشانەینوسینگەکان ئاراستەکرد:
سەرەتا سەبارەت بەڕێوەچوونی کارو باری ئەونوسینگانە و هەلسوکەوتی ئە نوسینگانە لەگەڵ فێرخوازاندا پێی راگەیاندین وتی " ئێمە پێش ئەوەی ئەم نوسینگانەدامەزرێنین ئەمانە بەچەند مانگێك هەموو نوسینگەکان دەوراتیان بینیوە چەندین ریچنماییان وەرگرتوە سەبارەت بەوانەووتنەوە و چۆنیەتی مامەڵ کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هاتوونەتە نوسینگە بۆ فێربوونی شۆفێری، لەوەڵامی پرسیارێکی هەواڵدا کە ئایا ئەونوسینگانەی سەرپێچی ئەو رێنماییانەدەکەن ئێمە سزاتان بۆ ئەو نوسینگانە چیە و تائێستا هیچ کێشەیەکتان نەهاتوۆتەرێسەبارەت بەمامەڵەی خراپی خاوەن نوسینگەکانلەگەڵ فێرخوازاندا:ملازم شیلان ووتلا " بەراستیئیمە وەکو ئەم بەشەی خۆمان ماوەیەکی کەمە دامەزراوەو زۆر کارو بەدواداچوونی کردووە، بۆ مەسەلەی کێشە بی گومان هەموو کارێك بی کێشەو کەموو کورتی نابێت بەلاَم ئەو کێشانەی کەتائێستا هاتونەتە لای ئێمە هەمووی چارەسەر کراوە بەشێوەیەکی زۆر باش،
+باشە هەندێك نوسینگەهەیە مامەڵەی زۆر خراپە لەگەڵ فیرخوازان بۆ نونە نوسینگەی ئەختەر خانکە لە ئێستادا زۆرێك کێشەی توش بوە ئیوە بەرێزتان ئاگەدارن؟
-بەڵی بەلاَم لەهەندێك کێشەی ئاگەدارینو هولیشمانداوە چارەسەریان بکەین بەلاچم هەندێکیشمان بەدەست ناگات چونکە ناوێرن سکالا تۆماربکەن
+بۆناوێرن سکالاَ تۆمار بکەن لەدژی ئەو نوسینگەیەی کە بەدڵیاننیە؟
-ئەزانی بۆ چونکە هەندیچك فێرخواز وادەزانن ئەگەر بەناوی خۆیانەوە سکلاَ تۆماربکەن رەنگە خاوەنی نوسنگەکان بزانن ئەوەندەی تر رقیان لی هەیڵبگرن
+باشە ئێوە هوڵی ئەوەتان نەیاوەکە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، نوسینگەکان نەتوانن ئەو حەقەبدەن بەخۆیانکە رق لەخەڵك هەڵبگرن
-ئە کەسانەی گەدێنەلامان من هەمیشە ئەوەیانپێی دەلێم کە نەترسن هەرکاتێك زانیان نوسینگەیە لەباتی ئەوەی ئەو سکاَلایەی تۆمار کردووە فایالەکەی دوا بخات ئەوا ئێمەسزای دەدەین
+یەك کێشەی تریش کە زۆر گرنگە باسی لێوەبکەم بۆ مەسەلەی بەنزین ئایا ئێ، ە قبوڵی دەکەن خاوەنی نوسینگە بەنزین لە فێر خوازوەربگرێت لەبەرامبەر ئەوەی فێری شۆفێری بکات
-نانا نازانم کوا شتی وا هەیە ئەگەر هەبێت بۆ تائێستا بەدەستی ئێمە نەکەوتووە تائێستا نەم بیستوە
+من بەبەڵگەوە لەلامە لەنوسینگەی ئەختەر خان ئە فێرخوازەی کەچووبوو بۆ فێروونی شۆفێری ئەختەر خان وتبووی دەبێت بەنزینم بۆ بهێنی
-ئەگەر کێشی لەو شێوەیە هەبێت ئێمە نەمانزانیوە چونکە ئەوەی ئێوە دەیبیستن ئێمە نایبیستین ئەو خەڵکە نایەنەلای ئێمە ئەو سکاڵایە تۆمار بکەن تا کو ئێمەش بەدواداچون بۆ بکەین
باشە ئەو کەسانەی کەدەچنە نوسنگەکان دەبێت لەپێشا خۆیان فێری سا یەقی بکەن ئینجا بچنە ئەو شوێنە
-مەرج نیە ئەگەر شۆفێری بزانی باشترە بەلاَم ئەگەر نەزانی ئەو نوسینگە یە بۆئەوەیە کە تۆ فێری سایەقیبیت
+من یەك شت دەلێم لەو نوسینگەیەی ئەختەر خان بەهەمانشێوە دەبێت خۆت سایەقی بزانی ئینجا دەچیتە ئەوی، بۆنمونە لەو نوسینگەیەی ئەختەر خان ئەو کچەی کە چۆتەئەوی ئەختەر پێی ووتووە دەبێت بچت خۆت فێری سیاقەت بکەیت ئینجاوەرە بۆلای من من تاقەتی ئەو کیشەیەم نیە

-ئەوەی لەونوسینگەیە رویداوە ئەوکەسە بێتەلای ئێمە سکاڵاتۆماربکات لەدژی ئەو نوسینگەیە ئەوا ئێمە دەتوانین بەدواداچوونی بۆبکەین

+ئەی دەبێت مامەڵەی خاونەی نوسینگەکان چۆنبێت لەگەڵ فێرخوازاندا، چەنکە هەر لەەمان نوسینگە لەسەر ئەو نوسینگەیەی ئەختەر خان ووتراوە قسەی ناشرین و جارجارەش کوێمان رادەکێشێت ئایە ئەمەدەبێت یاخود پێچەوانەی یاسایە

-هەروەکو ووتم لەسەرەتاوە ئێمە ئەو دەورەیەی دەدامانا هەموو نوسینگەیەك ئەو دەورەیەی خوێندووەو کەس ناتوانی سەرپێچی یاسای بکات چونکەهەمورێنمایەکیان وەرگروتتوە